Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

Kurdish Human Rights Association   Fax / Tel: +46707458478

kmfsverige@gmail.com

## بانگەوازێک بۆ ڕای گشتی سەبارەت بە قسەکانی پارێزەری عەدنان حەسەنپوور و هیوا بۆتیمار!

وەک هەموو لایەک ئاگادارن ڕۆژنامە نوس چالاکڤانی مەدەنی عەدەنان حەسەنپوور و هیوا بۆتیمار لە لایەن دادگای کۆماری ئیسلامی ئێران ، حوکمی ئێعدامیان بەسەر دا سەپاوە و ناوەندی دادی ئەو وەڵاتەش حوکمەکەی پشت ڕاست کردۆتەوە و ئێستا بە کردەوە ئەو دوو مرۆڤە چاوەڕوانی مەرگ ئەکەن.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە قسەکانی پارێزەری ڕێزدار عەدنان حەسەنپورە و هیوا بۆتیمارە کە بەداخەوە لە کاتێکدا لە هەموو دنیا پارێزەر ئەرک و کاری پاراستنی موەکیلەکەیەتی، ناوبراو عەدنان و هیوای بەندکراوی تاوانبار کردوە و ئەگەر بە قسە و حوکمی ئەو پارێزەرە بێ ئەوا ئەو دوو کەسە تاوانبارن.

ئێمە وەک کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد – ئەروپا  بە دژی لێدوانەکانی ئەم پاریزەرەین و ئەو قسانەی کە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار و هەڕەشەی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا لەو دوو کەسە وەرگیراوە بە ڕاست نازانین و ئەگەر کەسێک مافی خۆ پاراستنی نەبێ، ئەگەر کەسێک مافی قسە کردنی نەبێ، ئەگەر کەسێک مافی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا نەبێ، چۆن و بە کام یاسا قسەکانی بە بناغە دەگیردرێ ؟ کێ ئەزانێ ئەوە قسەی ئەو بەندکراوانەیە؟ چۆن بڕوا بکرێت کە ئەوان خۆیان تاوانبار کردوە؟ کێ هەیە لە پێناو ڕۆژنامەگەری و ئازادی دا خەبات بکات و تاوانبار بێت یان خۆی بە تاوانبار بزانێ؟

بەداخەوە پارێزەری عەدنان حەسەنپوور و هیوا بۆتیمار لە ئەرک و بەرپرسیارەتی و ئەخلاقی پارێزەری خۆی لایداوە و بۆ هەمو کەس ئاشکرایە لە کۆماری ئیسلامی ئیراندا قانون و ڕەوتی سیستەمی قەزایی   بە شێوەی دیمۆکڕاتیک بەڕیوە ناچێت و لە سەر ئەو بنەمایە داوا لە بەڕێز سالح نیکبەخت دەکەین ئەرکی پارێزوانی خۆی بەڕیوە بەریت و نەبێتە بڵیندگۆی دیکتاتۆرانی دەستەڵات .

داواکارین لە کۆر و کۆمەڵ و خەڵکانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر و ئازادیخواز خەباتی خۆیان دژ بە ئێعدام و هەڵواسین و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ئێران گەرم و گوڕتر بکەن و بە هەوڵ و کۆششی هەمە لایەن پاشەکشە بە بڕیارە دژە مرۆڤیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن .

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد - ئەروپا 070801